## له سۆراخی نیشتمانی ڕاستەقینەدا

ئەحمەد زامدار

چیتر مانگ لەبەر ئاوێنەی
کوێرەکانییەکانا پرچی شانە ناکا
ئێوارە لە نسرمی گەواڵە هەورەکانا
هەڵەلەرزێ
چراکان ڕوناکیان
نادەنە بەر تاریکی گەدەی نەهەنگەکان
دایکم وێردی ئۆخژەن ناخوێنێ
باوکم فو بەشمشاڵی ئاسودەییا ناکا
تۆوی حەزە سەوزەکانم چاند
مەخابن
قەلەڕەشەکان پەیتا پەیتا
لەگۆڕستانی گەدەیان کرد
داڵەکان دەنوکی خوێناویان
لەجەستەمان ئەسڕن
ئەم شارە ڕەنگی گۆڕستانی گرتووە
مرۆڤەکان لەخەوە قوڵەکانیان
وە ئاگا نایەن
کاتژمێرەکان لەناو نوێنی سۆزانییەکانا
نووستوون
منالان لەبەر تریفەی مانگدا
چاوشارکێ ناکەن
بۆقەکان ناقیڕێن
بەسەر گۆمە لیخنەکاندا
ئەمە مردنی بەکۆمەڵی
شارو شەوو مانگ و گوڵ و ئەستێرەیە

©Kurdistan Net

ئێره گۆڕستانی

من و پیرەژنە پرچ سپییەکانی ئەم شارەیە

نامۆم لێره

لەمانگ لە خۆر لە ڕۆحی خۆم

ئێرەیی بە مردووە کۆنەکانی ئەم دەڤەرە دەبەم

زیندوویەکی لەناخا مروو

چی پێئەکرێ

ئەم زێدە

زێدی من نییە

ئەم مرۆڤانە

هاوەڵی من نین

ئەم نوقڵانە

بەدمی من تاڵن

ئەم چکلێتانە

دڵی شکاوی من خۆش ناکەن

ئەم شارە

بۆنی خوێن و باروتی لێدێ

من دەرەقەتی خوایەك نایەم

دۆزەخ لە قامچی بباریٚ

وەرن بمخەنە سەر ئەو ڕێگایە

ئەمباتەوە ناو مناڵدانی دایکم

ئەوێ

نیشتیمانی ڕاستەقینەی منە

٢٠٠٢\٣\١٤ ئەڵمانیا

©Kurdistan Net